# ١٦ ـ چەقۆ چەقۆكەی بن گونان

« ٦ ـ ٢٠ » منداڵ بازنەیی شـــان بە شانی یەك دائەنیشن ، رانیان بە یەكەوە ئەنووسێنن و چۆكیان بەرز ئەكەنەوەو پێیەكانیان لە سەر زەویا دائەنێن ، منداڵێكیش تێ ئەكەوێت و لە ناوراستی هەموویانا بە پێوە ئەوەستێ ، یەكێك لە دانیشتوەكان ئەبێت بە سەردار ، دوو بەرد لە ژێر رانی خۆیا بە هەردوو دەستەكانیەوە ئەگرێت و لە یەكیان ئەدا ، یەكێك لە بەردەكان

ئەدات بە یەکێک لە دانیشتووەکانی تەنیشتیا بەبێ ئەوەی تێکەوتووەکەی ناوەڕاست هەستی پێ بکات یا بیبینێت ، هەر یەکە لە دانیشتووەکانیش کە بەردەکەی لەوەی ئەم تەنیشتەی وەرگرت ئەیدات بە دانیشتووەکەی ئەو تەنیشتی تریو لە ژێر رانیانا ئەڕوات لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی‌تر هەتا ئەسوڕێتەوەو ئەگاتەوە دەست سەردارەکەو هەر دوو بەردەکە چەند جارێ لە یەک ئەدات‌و هەمیشە ئەیداتەوە دەست یەکێک لە دانیشتووەکانی تەنیشتەکانی ...

منداڵە تێ‌کەوتووەکە کە لە ناوەڕاستیانا وەستاوە چاوەڕوانی ئەوەیە کە بەردەکە لە دەست وەستا دەربچێت‌و لە لای یەکێک لە دانیشتووەکانی‌ترا بیدۆزێتەوە . چەنکو بەردەکە کە گەیشتە لای وەستاو هەر دووی لە یەک دا ناتوانی داوای بکات تا لە دەست وەستاکە دەر نەچێتەوە ، جا لای هەر منداڵێک بیدۆزێتەوە لە کاتی سوڕانی‌دا ئەوا خۆی رزگار ئەکات وە لە جێگای ئەو منداڵە دائەنیشێت کە بەردەکەی لە لای دۆزیوەتەوەو منداڵەکەش تێ ئەکەوێت‌و ئەچێ لە ناوەراستا بە پێوە ئەوەستێ‌و یاری‌یەکە دەس پێ ئەکەنەوە تا ئەویش بەردەکە لە لای یەکێک لە دانیشتووەکانا ئەدۆزێتەوە « جگە لە وەستایەکە » .